Ministry of Immigration
and Integration

ڕاگەیاندنی نیشتەجێبوون و خۆخزمەتکردن

ناو:

ژمارەی کەسێتی یاخود لەدایک بوون \ CPR یاخود ID :

**بە گوێرەی ئەم نووسراوە ڕایدەگەێنم کە من بە چالاکی و باشی کاردەکەم بۆ پشتگیرکردن و یارمەتیدانی خۆم و منداڵم و خێزانم و هاوژینم و ئەوەی لەگەڵم دەژی، و بەشداری کردنم لە چالاکییەکانی کۆمەڵگای دانمارکی.**

**بۆیە هەر لێرەوە ڕایدەگەێنم کە:**

- بە هەموو شێوەیەک، پەیوەستم بە یاسای دانمارک و ڕێزی یاسا و ڕێسای دیموکراسی دانمارک دەگرم.
- دەزانم و درک بەوە دەکەم کە، زمانی دانمارکی و زانیاری لەسەر کۆمەڵگەی دانمارکی کلیلێکە بۆ ژیانێکی تازە و چالاک لە دانمارک.
- دەزانم و درک بەوە دەکەم کە، هەر تاکە کەسێک و هەر خێزانێک بەرپرسە لە پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی.
- دەزانم و درک بەوە دەکەم کە، ژن و پیاو هەمان بەرپرسایەتی و مافیان هەیە لە دانمارک، وە هەروەها دەبێت ژن و پیاو هاوکار بن لە بنیاتنانی کۆمەڵگا. هەر بۆیە ژن و پیاو هەمان مافیان هەیە و لە هەندێ کات ئەرکە کە بخوێنیت و کاربکەیت، هەروەها مافی پیاو و ژنە کە بەشداربن لە پرۆسەی دیموکراتی. هەروەها ژن و پیاو پێویستە لەسەریان کە باج یان بیمە یان زەریبە بدەن و بەرپرسایەتی هەڵگرن و بەرپرسبن لە منداڵەکانیان.
- من دەزانم کە، لە دانمارک قەدەغەیە کە توند و تیژی دژ بە خێزان و دژ بە منداڵ بکرێ و نایاساییە و بە تاوانی گەورە هەژماردەکرێت.
- دەزانم و درک بەوە دەکەم کە، لە دانمارک ڕێز و یەکسانی هەیە بۆ هەموو منداڵان چ کور بێت یاخود کچ بێجیاوازی، تاکو گەورەبن و ببنە هاوڵاتی بەرپرس و چالاک، وە بتوانن خۆیان بریار بدەن. من دەبێ دڵنیابم لەوەی منداڵەکانم باشترین هەلی پەروەردەکردن و فێرکردن و بەشداربن لە چالاکی کۆمەڵگای دانمارکی، هەروەها دەبێ دڵنیابم لەوەی کە منداڵەکانم فێری زمانی دانمارکی بن بە زووترین کات و زیرەک بن لە قوتابخانە، وە خۆشم بەشداری دەکەم لە چالاکی منداڵیکانم لە شوێنی خوێندنیان لە قوتابخانە و دایەنگە.
- دەزانم، کە خەتەنەکردنی مێینە و کچ وە بەزۆر دانی کچ بە شوو تاوانی گەورەیە لە دانمارک.
- من ڕێزی تاکە کەس دەگرم لە بیر و ڕا و یەکسانی لە هەردوو ڕەگەز و ئازادی بیر و ڕا و ئایین، کە خاڵێکی گرنگە لە دانمارک.
- من دەزانم کە، جیاوازی کردن لەڕووی ڕەگەز یاخود جیاوازی ڕەنگی پێست یاخود هەڕەشەکردن یاجود گاڵتەکردن بە چەندکەسێک بەهۆی باوەڕکردن بە ئایین یاخود لەڕووی پەیوەندی سێکسی ئەمانە هەمووی بە تاوانی گەورە هەژماردەکرێت لە دانمارک.
- من درک بەوە دەکەم و دەزانم کە، کۆمەڵگای دانمارکی زۆر دوورەپەرێزە لە تیرۆریستان و دژیان دەوەستێت. من دەزانم کە، هەوڵدان بۆ کاری ئاژاوەگێری مەترسیدارە بۆ ژیانی هاوڵاتیان و خۆشگوزەرانییان و ژیانی کۆمەڵگا، وەکو سەرەتایەک، مافی تۆیە کە بەهەر شێوەیەک بێت ڕێگی بکەی لە تاوانکاری، گەر پێویست بوو ئەوا پۆلیس ئاگاداربکەوە، وە بە هەوڵدان بە کاری نایاسایی یاجود شاردنەوەی بەڵگە ئەوا سزا دەدرێی بە پارە یاخود زیندانی کردن بۆ ماوەی ٣ ساڵ.
- من ئاگادارم و دەزانم کە، بەدەساریکردن لە کار و چالاکی خاڵێکی گرنگە لە بنیاتنان و دروستکردنی کۆمەڵگای دانمارکی، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو ماوەیەی کە مافی مانەوەت هەیە لەم وولاتە.
- دەزانم کەوا، مافی مانەوەم لە دانمارک پەیوەستە بە مافی پەنابەرێتیم، هەروەها بۆ هەندێک کەس مافی مانەوەی کاتییە لە سەرەتا دا.
- دەزانم کەوا، وەکو پەنابەر لەسەرەتا دا مافی مانەوەم نییە، گەر دوای ماوەیەک وولاتەکەم گۆڕانکاری تیا کرا و ئازاد بوو و ترسم لەسەر نەما و پێویستم بە پارێزگاری کردن نەمێنێت و بتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ وولاتەکەت. هەروەها دەزانم لە سەرەتاوە کە بە گشتی بۆ خێزان مافی مانەوە نابێت گەر ترس لەسەر خێزان و خانەوادە نەبێت و پێویست بە پارێزگاری کردن نەبێت. هەروەها دەزانم کە مافی پەنابەرێتی کاتی دەتوانرێت وەربگیرێت و لێبسەندرێت لەو کاتە.
- دەزانم کە، بەشداریکردن لە چالاکی و پەرەپێدان و گەشەسەندن لە کۆمەڵگای دانمارکی و پشتگیری بۆ پەرەسەندنی خۆم، ئەوا بەسوودە بۆ خودی خۆم لەکاتی گەڕانەوەم بۆ وولاتەکەم.
- دەزانم، وەکو نیشتەجێبوونم لێرە دەتوانم یارمەتی پارە وەربگرم لە هەر کاتێک دا یا لە داهاتوو دا بە گوێرەی یاسای گەڕانەوە بۆ وولات لەکاتی گەڕانەوەم بۆ وولاتی خۆم یاخود ئەو وولاتەی کە پێشووتر لێی ژیاوی.

**من وەکو پەنابەری تازەهاتوو – دەزانم و درک بەوە دەکەم کە بۆ پەنابەری تازەهاتوو:**

(پەم خالانەی خوارەوە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە پەنابەری نوێن و تازە گەشتوون، کە ئیمزا لەسەر ئەم خاڵانە دەکەن)

- دەمویت فێری زمانی دانمارکی بم و زانیاری وەربگرم دەربارەی کۆمەڵگای دانمارکی بە زووترین کات. دەزانم دەتوانم فێری زمانی دانمارکی بم لەڕێگای بەشداری کردنم لە خوێندنی دانمارکی کە شارەوانی و ئەم شارە بۆمی پەیدا دەکات.

- دەمەوێت کاربکەم تاکو خۆم بژێنم ئەویش بە بەشداری کردنم لە بازاری کارکردن بە زووترین کات. دەزانم کە ئەوە یارمەتیم دەدات لەوەی کە کاری سەربەخۆ وەربگرم تاکو خۆم بژێنم. بۆیە ڕازیم بەو کار و چالاکییانەی کە شارەوانی بۆمی دیاری کردوون کە لە بەڵێننامەی شار و شارەوانی نووسراون.

- من دەزانم کە، درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەم پەیوەستە بە مافی پەنابەرێتیم کە وەرم گرتووە، وەکو سەرەتایەک مافی پەنابەرێتیم بۆ نییە، گەر پێویستیم بە پارێزگاری کردن نەبێت، وە بتوانم بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم. هەروەها بۆ ئەوکەسانەی کە ئەم وڵاتە خێزان و خانەوادەیان بۆیان هێناوە ئەوا ئەوانیش مافی پەنابەرێتییان نییە گەر بێت و پێویستیان بە مافی پاراستن نەبێت.

بەروار ئیمزا